# گفتوگۆیەك لەگەڵ مردوودا

**برای خۆشەویست**: وابیر بکەرەوە کە هاوڕێکەت یان خزمەکەت کەماوەیەکی کەمە مردووە، وا خەیاڵ بکە وەکو ڕاستی کەتۆ لەسەر کورسییەك دانیشتووی لەژوورەکەتداو ئەویش بەرامبەرت دانیشتووە !

پاش ئەوەی بۆت باسکرد کەچەند بیرت کردووەو زۆر تامەزرۆی بینینی بوویت و پێت ووت حەزدەکەم هەرگیز بەجێم نەهێڵیت، پاشان ئەم پرسیارەت لێ کرد.. ئێستا ئاواتت چییە؟؟؟

بەبێ ئەوەی بزانی بارودۆخی مردووەکە باشە یان خراپە، هیچ وەڵامێکی نییە تەنها یەك وەڵام نەبێت..

سەیری ئەم فەرموودەیە بکە کە ئەبە هورەیرە (ﷺ) دەگێڕێتەوە دەڵێت: دوو پیاو خەڵکی بەلی لە قوضاعە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) ئیمانیان هێنا، یەکێکیان شەهید کراو ئەوی تریان دوای ساڵێك کۆچی دوایی کرد، طەڵحەی کوڕی عبیداللە دەڵێت: لەخەومدا بەهەشت پیشانم درا، بینیم پیاوی دووەم خرایە بەهەشتەوە پێش پیاوی یەکەم کە شەهیدبوو، زۆر سەیربوو بەلامەوە، بۆ بەیانی ئەو خەوەم گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، لەوەڵامدا ووتی: ئەی مەگەر پیاوی دووەم ڕەمەزانێك ڕۆژووی گرتووە پاش پیاوە شەهیدەکەو شەشت هەزار ڕکات نوێژی زیاتری کردووە وە ئەوەندەو ئەوەندە نوێژی سوننەتی کردووە.

وەك ووتم هیچ وەڵامێکی نییە تەنها ئەمە نەبێت:-

دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ ژیانی دونیا دووبارە گەر بۆ چرکەیەکیش بێت، بەڵام ئایا بۆچی دەیەوێت بگەڕێتەوە؟؟ وە لەبەرچی دووبارە دەیەوێت زیندوو بێتەوە؟؟!!..

ئایا بۆ ئەوەی دەیەوێت ئەو کۆشك و تەلارە بکرێت کە بەئاواتی بووە هی ئەو بێت لەدونیادا؟! یان بۆ ئەوەی زینا بکات لەگەڵ ئەو ئافرەتەی کەلە خەیاڵیدا بووەو تامەزرۆی بووە، یان بۆ کۆکردنەوەی پارەیەکی زۆرو بەفیڕۆدان و خەرج کردنی بەخۆڕاییو لەڕێگای گاڵتەو گەپدا؟! ئایا بەڕاستی دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ژیانی دونیا بۆ کردنی ئەو ئیشە؟؟!! نەخێر بەو خوایە کەهیچ پەرستراوێك نییە جگە لەخۆی تەنها بۆ یەك شت دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ دونیا ئەویش: ئایەتەکان.

بەڵێ ڕاستە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ژیان، بەڵام تەنها بۆ ئەوەی کردەوەی باش بکات، وە بۆ زۆرکردنی کردەوە چاکەکانی بۆ ئەوەی لەخوا نزیك بێتەوەو ئیمانێکی پتەوو پاك بەدەست بێنێت، وەخوای گەورە پلەی بەرزترو باشتری پێ ببەخشێت، وە ئەو ووتەو سرووده بڵێتەوەو دووبارەی بکاتەوە کە هاوەڵان و شوێنکەوتوانی پێغەمبەر (ﷺ) دەیانوت ((سمِعنا وأطَعنا))..

براکەم وادابنێ ئەو مردووەی کە قسەی لەگەڵ دەکرێت و دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ژیان تۆیت، وەبیر لەو پەشیمانییە گەورەیە بکەرەوە کەتەنها دەڵێت ((رب ارجعون))..

پاشان وەڵامێکی یەکجاری توندو بەهێزی وەك هەورە تریشقەیەك دەدات بەسەرتدا کە نەخێرە، واللە لەوە زیاتر توندو تیژترە، دێت بۆ ئەوەی ئەو پەتە بپچڕێنێ کەهیواو ئاواتەکەت پێوە هەڵواسیوە، دێت و دەڵێت: ئایەت..

**براکەم**:- ئێستا واز لەخەیاڵ کردن بێنەو سەیری واقیع و ڕاستی بکە، دەبینیت کە هێشتا لەژیاندای.. ئەو کردەوە باشانە ئەنجام بدە کە کەمێك لەمەوپێش بەئاواتییەوە بوویت.. ئەوکات مردووەکە سەرفرازو ئاسوودە دەبێت.. وەلەم کاتەدا کەمانگی ڕەمەزان لەپێشدایە، ئەو مانگە پیرۆزەیە کەهەمووی ڕۆژوو و نوێژو عەمرەو خێرو ویردی خوایە... بەخوا ئەڵێی گوێم لەدەنگێکی بەرزە دەڵێت : يَا لَيتَنِي كُنتُ مَعَهُمْ فَأَفُوزَ فَوْزًا عَظِيمًا.. .

براکەم سوودی چییە مانەوە لەم دونیایەدا گەر کار بۆ دواڕۆژمان نەکەین؟! چ سوودێکی هەیە گەر نیوەی تەمەنت بەخەوەو ئەو نیوەی تری بەبێ ئاگاییەوە بەسەربەری؟؟!!

برا خۆشەویستەکەم:- مەبەستم لەو قسانە ئەوە نییە کەهەموو ژیانت لەمزگەوت و زیکری خواو پاڕانەوە تەواو بکەی.. نە بەخوا ئەوە مەبەستم نییە، بەڵام با ژیانت هەمووی بۆ خوا بێت و لەپێناوی وادا بێت، گەر لەنوێژە، پاڕانەوەیە، زیکرە، ئیش کردنە، ژیانی هاوسەرێتییە... با هەمووی بەپێی شەرعی خوا بێت.